

## سۆنیا تەها یاریزانی شەترەنج:

# هیواخوازم یاریزانانی کورد بایەخیان زیاتر پێ بدرێت

**سۆنیا تەها ساڵی ١٩٩١ لە گەڕەکی چوارباخی شاری سلێمانی لە دایکبووە و لە ئێستادا یەکێکە لە شەترەنجزانە بەتواناکانی سەر ئاستی کوردستان و عێراق و لە چەندین پاڵەوانێتیی جیهانی و عێراقیش بەشداریی کردووە و ئەنجامەکانی بەرچاو بوون. سۆنیا لە خانەوادەیەکی وەرزشی پەروەردە بووە و دەرچووی پەیمانگەی کۆمپیوتەرە. لەم دیمانەیەشدا سەبارەت بە یاریی شەترەنج وەڵامی چەند پرسیارێکی گۆڤاری گوڵان دەداتەوە.**

*** دەخوازین بزانین سۆنیا بۆچی لە هەموو بوارەکانی وەرزشیدا یاری شەترەنجی هەڵبژاردووە؟**

- هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم یارییە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە من لە خێزانێکی شەترەنجیدا گەورە بووم، باوکم و برا گەورەکەشم پێش من ئەم یارییەیان هەڵبژاردبوو، ئەوەش هاندەر بوو بۆ من بۆ ئەوەی هەر لە تەمەنی چوار ساڵیدا فێری ئەم یارییە ببم و خۆمی تێدا بدۆزمەوە.

***ئاستی ئەم یارییە لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

- لە ئێستادا ئاستی یاریی شەترەنج لە کوردستان زۆر باشترە لە چاو ساڵانی پێشوو، زیاتر پەرەی پێدەدرێت و کۆمەڵێك یاریزانی باشمان هەیە کە ئەنجامی شایستەیان بەدەست هێناوە لەسەر ئاستی عێراق و وڵاتە عەرەبییەکان و توانیویانە نازناو بۆ کوردستان و عێراق بەدەست بهێنن.

*** ئەی لە شاری سلێمانی بەتایبەتی لە چ ئاستێکدایە؟**

- بێگومان یاریزانانی شاری سلێمانی جێ دەستیان بە روونی دیارە، هەر چەندە شەترەنج جۆرە یارییەکە کەمترین هەواداری هەیە لە چاو یارییەکانی دیکە و کەمترین کەس ئارەزووی ئەوە دەکات کە فێربێت، بەڵام بە گشتی ئاستی یارییەکە لە سلێمانی زۆر پێشکەوتووە.

***بۆچی لە ئێستادا کەمتر کچان لە یاری شەترەنجدا دەبینرێن؟**

- ناکرێ بڵێین کەمیی یاریزانی کچ تەنیا لەم بوارەدایە، بەڵکو بەگشتی ئەم کێشەیە لە زۆربەی بوارەکان و بەتایبەتیش لە وەرزش هەیە، هۆکاریشی زۆرە بۆ ئەم بابەتە، بەڵام بە بۆچوونی من سەرەکیترینیان ڕێگری خێزانە.

***کێشە و گرفتتان لە یاریی شەترەنج چییە؟**

- ئەگەر وەکو یانەی پێشمەرگە باسی کێشەکان بکەین، دەبێت لە پێشدا باسی ئەوە بکەین کە یانەی پێشمەرگە خزمەتێکی زۆری بە یاریی شەترەنج کردووە و لەسەر ئاستی سلێمانی و کوردستان و عێراق جێ دەستی دیارە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کەم و کورتییەکان زۆرن، بۆ نموونە: هۆڵێك نییە لەسەر ئاستی پاڵەوانێتیی کوردستان یان عێراق بێت، خۆشبەختانە ئەم کارە لە پایتەختی کوردستان ئیشی بۆ کراوە وەك یانەی خانزاد و کازابلانکا کە تایبەتە بە ڕاهێنانی یاریزانان، ئەگەر ئەوە لە شارەکانی دیکەش هەبێت، کارێکی



زۆر باشە بۆ کەمبوونەوەی کێشەی یاریزانان، هەروەها پێویستە بەردەوام گرنگی بە کردنەوەی خولی ڕاهێنان لە دەرەوە بدرێت، چونکە ئەمە هۆکارێکی گرنگە بۆ پێشکەوتنی یاریزانەکان، زۆر کێشەی دیکەیش هەن لە کاتی پاڵەوانێتییەکاندا دروست دەبن، بێگومان ئەو کێشانە یەکەمجار نین کە دەخرێنەڕوو.

***ئایا یانەی پێشمەرگەی سلێمانی وەکو پێویست هاوکاریتان دەکات؟**

- بە سوپاسەوە هاوکاریی بەردەوامی ئێمەی یاریزانان دەکات، هەر ئەوانیش هۆکار بوون بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی ئێمە.

***لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق بەردەوامیت؟**

- نەخێر من ئێستا لە هەڵبژاردەی عێراقدا نەماوم، بەڵام ئەگەر باری ئەمنیی عێراق و بەتایبەت شاری بەغدا باش بێت، دووبارە بەشداری پاڵەوانێتییەکان دەکەمەوە.

***هیواو ئاواتت وەکو کچە وەرزشکارێك چییە؟**

- هیوام ئەوەیە کە وەکو هەموو وڵاتان یاریزانی کورد و هەموو کەسێك لە بوارەکەی خۆیدا ئەوەندە جێگەی بایەخ بن کە ببنە هۆی هاندانیان بۆ بەردەوامبوون لە بوارەکەی خۆیاندا.

***بۆپێشکەوتنی ئەم یارییە چی بکرێت باشە؟**

- کردنەوەی خولی بەردەوام و قوتابخانەی پێگەیاندنی یاریزانان و دابینکردنی هۆڵی تایبەت بەم یارییە.

***داوکاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرس چییە؟**

- هیوادارم لایەنی بەرپرس لە نزیکەوە ئاگاداری چۆنیەتی بەڕێوەچوونی بواری وەرزش بێت، تا بتوانن کەموکورتییەکان بە چاوی خۆیان ببینن.

*** بە چ یاریزانێکی نێودەوڵەتی سەرسامیت؟**

- یاریزانی نێودەوڵەتی ماکنوس کارلسن بەتایبەت یەکێکە لەوانەی کە پێی سەرسامم، بەڵام لای من هەر کەسێك یاریی شەترەنج بکات، پێی سەرسامم، چونکە تەنیا کەسانی زیرەك دەتوانن لەم یارییەدا بەردەوام بن،

***بۆچی ئێستا لە پاڵەوانێتییەکان کەمتر دەبینرێی؟**

- هۆکاری کەم بینینم دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە پاڵەوانێتییەکان کەم بوونەتەوە بەتایبەت ئەمساڵ بەهۆی باری ئەمنییەوە.

***باشترین ئەنجامەکانت وەکو یاریزان چی بووە؟**

- لە ساڵی ٢٠٠٦بۆ ٢٠١٠ بۆ ئاستی تەمەنی خۆم سێ جار توانیم پلەی یەکەم لەسەر ئاستی عێراق بەدەست بهێنم، دووجاریش پلەی دووەمم بەدەست هێناوە، لە ساڵی ٢٠١٢ لە پاڵەوانێتی عەرەب لە وڵاتی تونس پلەی چوارەمم بەدەست هێنا، لەسەر ئاستی کوردستان و سلێمانیش ئەنجامم بەرچاو بووە.

***بەرنامەت بۆ داهاتووی خۆت چییە ؟**

- بەرنامەم زۆرە، حەزیشم لە بواری هونەرە بە تایبەت سینەما و مۆسیقا، هیوادارم بتوانم لە داهاتوودا کاریان لەسەر بکەم.

***ئەگەر لە کۆتاییدا شتێکت مابێت ؟**

- هیوادارم هەر کەسێك کە دەیەوێت لە هەر بوارێك کار بکات کە خزمەت بێت بۆ خۆی و وڵاتەکەی، با بەبێ ترس و بەبێ گوێدانە ڕەخنەی شکێنەر کار بکات، سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵانی بەڕێزیش کە بەردەوام پشتیوان و هاوکارێکی باشی بواری وەرزش و یاریزانان بووە.



دیمانە: کارزان کانەبی

# دیل بۆسکی
# متمانەی بە ئیکەر کاسیاس دووپات دەکاتەوە




بەڕێوەبەری هونەری هەڵبژاردەی ئیسپانیا ڤیسنتی دیل بۆسکی ئاشکرایکرد کە تائێستاش بڕوای زۆری بە گۆڵپارێزی هەڵبژاردەی ئیسپانیا و یانەی ریال مەدرید ئیکەر کاسیاس هەیە، هەرچەندە ئاستی هەڵکشان و داکشان بەخۆیەوە دەبینێ..هەروەها دیل بۆسکی بۆ رۆژنامەی سپۆرتی ئیسپانی دەڵێت: تا ئێستاش بڕوایەکی زۆرمان بە ئیکەر کاسیاس هەیە.هەر لەدرێژەی قسەکانیدا دیل بۆسکی سەبارەت بە هێرشبەری پێشووی یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید وئێستای تیپی چێلسی دیگۆ کۆستا دووپاتی کردەوە هێرشبەرێکی پڕ هاوتاو بەهێزی ماتادۆرەکانە. سەبارەت خراپیی ئاستی هەڵبژاردەی ئیسپانیا لە مۆندیالی بەڕازیلیش، دیل بۆسکی وتی: ساتێکی زۆر ناخۆش بوو، ئەستەمە ئەوە جارێکی دی دووبارە بێتەوە. ئەو راهێنەرە ئیسپانییە ئەوەشی دووپاتکردەوە کە هەوڵ دەدات باشترین ئاست لە یاری کۆتاییەکانی یۆرۆی ٢٠١٦ لە فەرەنسا و مۆندیالی ٢٠١٨ لە رووسیا پێشکەش بکات.



# لۆكاس پۆدۆلسكی بەشداری فیلمێكی سینەمایی دەكات

یاریزانی ئەڵمانی و هێرشبەری یانەی ئەرسناڵی ئینگلیزی لۆكاس بۆدۆلسكی ئاشكرایكرد بەشداری كارێكی سینەمایی دەكات كە لە داهاتوو لە وڵاتەكەی نمایش دەكرێت.


لۆكاس بۆدۆلسكی لە لێدوانێكی بۆ رۆژنامەی مترۆی بەریتانی روونیكردۆتەوە بەشداری فلیمێكی كۆمیدی بەنێوی ماخۆمان دەكات كە بڕیارە لە شاری كۆلن (ئەو شارەی تیایدا ژیاوەو سەرەتای دەركەوتنیشی لە ریزی یانەی ئەو شارە بووە، بەر لەوەی بچێتە بایرن میونشن و لەئێستاشدا لە یانەی ئارسناڵ یاری دەكات) كارەكانی ئەنجام بدرێــت. هەروەها یاریزانی ناوبراو خۆشــحاڵی خۆی بەم تاقیكردنەوە دەربــری و دووپاتی كردەوە ئارەزوو دەكات كاردانەوەی جەماوەر ببینێ لەوكاتەی سەیری فلیمەكە دەكەن، چونكە ئەم تاقیكردنەوە گۆڕانێكی گەورەو نــوێ لە ژیانی ئەو یاریزانە ئەڵمانییە دروست دەكات.






# تۆنی كرۆس هاندەری یانەی ماڤرێكسە

یاریزانــی هێلی ناوەڕاســتی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا و یانــەی ریال مەدریدی ئیسپانی تۆنی كرۆس چووە پاڵ عاشقانی خولی پیشەگەرانی تۆپی باسكەی ئەمریكــی ناســراو بە NBA و هیوای سەركەوتنیشــی بــۆ تیپی دالاس ماڤرێكس خواســت..ئەمەو لەپەیجی تایبەتی خۆی لە تۆڕی كۆمەڵایەتی تویتەر، تۆنی كرۆس نووســیویەتی: ئێســتا كاتی دەستپێكی وەرزی تازەی خولی باســكەی پیشەگەرانە لە ئەمریكا، بۆیە هیوای سەركەوتن بۆ یانەی ماڤرێكــس دەخوازم و هیوادارم ئەو یانەیە ببێتە پاڵەوانی خولی ئەمریكی بۆ وەرزی ئەمســاڵ، بەتایبەت كە دەبینم هاوڕێم دیرك نوڤیتســكی لە ریزی ئەو یانەیە یاری دەكات.




IRAQ


IRAQ







# کچانی کوردستان پاسیکلسوارانی عەرەبیان لە جەزائیر سەرسام کرد

**تیپی پاسکیلســـواری کچانی هەڵبژاردەی نیشـــتیمانی عێراقی لە وڵاتی جەزائیر بەشدارییان لە پاڵەوانێتی پاسکیلسواری وڵاتانی عەرەبی کرد، لەم پاڵەوانیتیەشـــدا کچانی کوردی ریزی هەڵبژاردەی عێـــراق کە پێکهاتبوون لە هەریەك لە یاریزانان (زریان عەتار،نیان یاســـین، ســـۆزی دلشاد، ئیلاف عەلی و زەهرا محەمەد) توانییان بە ئاستە بەرزەکەیان چەندین مەیدالیای ئاڵتـــوون و زیو و برۆنزی پێشکەشـــی هەڵبژاردەکەیان بکەن، کەبوونە مایەی سەرســـامی تیپە بەشـــداربووەکانی هەڵبژاردە جۆراوجۆرەکانی عەرەبی و لەکۆی ســـەرجەم مەدالیاکانیش کچانی کوردســـتان ١٣ میدالیای جۆراوجۆریان دەستەبەرکرد، لە پێشبڕکێیە جۆراوجۆرەکان لە تراکی هۆڵە داخراوەکان و دەرەوەی یاریگەکان، بۆ ئەم مەبەستەش ئەم راپۆرتەمان ئەنجامدا.**

سیروان سامی راهێنەری کچانی هەڵبژاردەی عێراق و یانەی نەورۆز کە ئەوان پشـــکی شێریان لە بەدەستهێنانی میدالیاکان هەبووە، بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئاستی پاڵەوانێتییەکە زۆر بەهێز بوو، کچانی هەڵبژاردە بەشداربووەکان کێبڕکێی بەهێزیان دەکرد لە سەر بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە لەو پاڵەوانێتییە لەســـەر ئاســـتی وڵاتانی عەرەبی کە لە هۆڵە داخراوەکان و دەرەوەی یاریگەکانیش بەڕێوەچوو، کچانی کوردستان هەروەکو لـــە ئامادەکارییەکانیـــان دیار بوو،زۆر بە شـــێوەیەکی توکمە خۆیـــان ئامادە کردبوو، ئێمە نیازی بەدەســـتهێنانی ئەنجامی باشـــمان هەبوو بۆ بەرزکردنەوەی ناوی خۆمان و کوردســـتان و عێراق، خۆشـــبەختانەش توانیمان باشـــترین ئەنجام لەسەر ئاســـتی هەڵبژاردەکان بەدەســـت بهێنین لە پێشبڕکێیەکان کە ئەنجامەکانمان بە گشـــتی لەسەر ئاستی هەڵبژاردەکان پلەی یەکەم و دووەم بوو. ئێمە شـــانازی بە خۆشمان دەکەین کە وەکو راهێنەر و کچە کوردەکانی هەڵبژاردەی عێراق ئەم ئەنجامەمان بەدەستهێناوە، پێشتر ســـەرجەم یاریزانانی هەڵبژاردەی عێراق عـــەرەب بوون، بەڵام دوای ئەوەی لە شـــاری ســـلێمانی ئەم تیپەمان دروســـت کـــرد، خۆشـــبەختانە لە ئێســـتا جێگەی ماندووبوونمان دیارە و سەرجەم یاریزانەکان کوردن لە سلێمانین، ئەوەش شـــانازییەکی گەورەیە، بەهیوای ئەوەشین بتوانین لە پاڵەوانێتییەکانی داهاتوو بتوانین لە بەدەســـتهێنانی ئەنجامی شایستە لە پاڵەوانییەکانی دەرەوە بەردەوام بین.

لەلایـــەن خۆیـــەوە زریان عەتـــار کچە یاریزانـــی کوردی هەڵبژاردەی عێراق و خاوەنی میدالیای ئاڵتوون لە پاڵەوانێتی عەرەبی، بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «بە راســـتی هەست بە دڵخۆشیەکی زۆر دەکەم کە وەکو کچە کوردێك لەم پاڵەوانێتییە توانیمـــان ئەم ئەنجامە گەورەیە لەســـەر ئاســـتی هەڵبژاردە بەشداربووەکان بەدەست بهێنین، هەر چەندە مەشقەکانمان زیاتر بۆ پاڵەوانێتی سەر شـــەقام بوو، بەڵام لە هۆڵە داخراوەکانیش توانیمان ئەنجامی دڵخۆشـــکەر بەدەســـت بهێنین، متمانەی تەواومـــان بەخۆمان هەیە کـــە دەتوانین لـــە پاڵەوانێتیەکی داهاتوو ئەنجامەکانمان باشـــتریش بکەین، بەڵام بەدەستهێنانی کۆمەڵێك میدالیا بۆ ئێمە شانازییەکی گەورەیە هیوامان وایە ئەنجامەکانمان مایەی دڵخۆشی بێت بۆ هەموو لایەك سەری کوردستانیش بەرز بکەینەوە.

هەروەها سۆزی دڵشاد یاریزانی پاسیکلسواری هەڵبژاردەی عێراق لە بارەی پاڵەوانێتییەکـــە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئـــەم پاڵەوانێتییە زۆر بەهێز بوو لەســـەر ئاســـتی یاریزانە بەشداربووەکان و تیپەکان، ئێمەش وەکو یاریزانانی کورد توانیمان ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەین، هەست بە شانازییەکی گەورە دەکەم کە وەکو یاریزانانی کـــوردی ریزی هەڵبژاردەی عێراق شان بە شانی یاریزانانی چەندین وڵات توانیمان ١٣ میدالیای جۆراوجۆر بەدەســـتبهێنین، ئەم ئەنجامەش بۆ کوردســـتان و عێراق ئەنجامێکی گەورە بوو، چونکە چەندین ســـاڵە عێراق چاوەڕوانی ئەو ئەنجامە بوو، خۆشـــبەختانەش کچانی کورد توانییان ئەم ئەنجامە گەورەیە بەدەستبهێنن، بەهیوای ئەوەشم لە داهاتوودا بتوانین باشـــترین ئەنجام لەسەر ئاستی جیهانیش بەدەستبهێنین زیاتر ناوی کوردستان بەرز بکەینەوە».